# حوکمی دیموکراسی و هەڵبژاردن و کارکردن لە ناو دامەزراوەکانیاندا

[ kurdish – کوردی – كردي ]


شێخ موحەممەد صاڵح المنجد



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم الديمقراطية والانتخابات والعمل في أنظمتها

« باللغة الكردية »


## الشيخ محمد صالح المنجد



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی دیموكراسی و هەڵبژاردن و كاركردن لە ناو دامەزراوەكانیاندا

**پرسیار** : ئایا حوكمی دیموكراسی چیە ؟ وە حوكمی وەرگرتنی پۆستێكی دیاری ناو پەرلەمان چیە ؟ وە یان وەرگرتنی هەر پۆستیكی تر لە حكومەتێكی دیموكراسیدا ؟ وە ئایا حوكمی دەنگدان و هەڵبژاردنی كەسێك بە رێگای دیموكراسی چیە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

**یەكەم** : دیموكراسی نظامێكی زەمینیە ( واتا : نظامێكی ئاسمانی نییە )، بە مانای حوكمی گەل بۆ گەل دێت، بەمەش پێچەوانەی نظامی ئیسلامییە، كە لە ئیسلامدا حوكم بۆ خوای گەورە و

بەرز وبڵندە، واتا : دروست نییە مافی تەشریع و یاسادانان بدرێت بەهیچ کەسێك ج      گە لەخوای گەورە،     لەهەر پلە وپایەکدا بێت .

لە کتێبی ( مەوسوعەی ئاین و مەزهەبە هاوچەرخەکانیشدا ) ( لەبەرگی دوو / لاپەڕە  1066، 1067 ) دا بەم شێوەیە باس لە دیموکراسی کراوە :

« گومــانی تێدا نییە کــە سستەمی دیموکراسی جۆرێکە لە هاوبەشیدانان (شرك) ی نوێی سەردەمیانە، لە طاعەت و ملکەچ بوون، ومافی تەشریع و یاسادانان، بەجۆرێکە سەروەری خوای گەورە وشەریعەتی ئیسلام هەڵدەوەشێنێتەوە، کە مافی تەشریعی ڕەهای هەیە بەسەر دروستکراوەکانیدا، دیموکراسی ئەو مافە لەبری خوای گەورە دەدات بە مەخلوقەکان ،

لەکاتێکدا پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ [ يوسف : 40 ] .

واتا : ئەوەش بزانن ئەوانەی ئێوە 'بەدەر لەخوا' دەیانپەرستن چەند (ناو) ێکی بێ ناوەڕۆکن ، و ئێوەو باوو باپیرانتان بەئارەزووی خۆتان ناوتاننناون و کردووتانن بە خوا ، خوا هیچ بەڵگەیەکی بۆراستی پەرستنی ئەوانە نەناردووە ، گشت حوکم و بڕیارێك تەنهاو تەنها هی خوایە، دەبێ تەنها ئەو حاکم و بڕیار بەدەست بێت ، فەرمانیداوە کە: ئێوە دەبێ تەنها ئەو بپەرستن و گوێرایەڵیی هەر لەوبکەن، نەك لەسەرۆك عەشیرەت، نەك لەگەل و نەتەوە، نەك لەوڵات و نیشتمان، نەك لە حیزب و گرووپ و خێڵ ، هەر ئەو ئایین و دینە راست و

ڕەواو پایەدارە، کە بانگتانم کرد بۆی، دەسا وریاو بەئاگابن وشوێنی بتان مەکەون ، بەڵام زۆربەی ئەو مەردمە نازانن ئایینی یەکخواپەرستی ڕاست و ڕێکە .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾ [ الأنعام: 57 ] واتا : هەموو حوکم و بڕیارێك هەر هی خوایە، هەمووشتێ هەر بەدەستی ئەوە .

**دووەم** : هەرکەسێك حاڵی سستەمی دیموکراسی بزانێت و بێزانێت حوکمەکەی چییە و خۆی هەڵبژێرێت، یان کەسێکی تر هەڵبژێرێت و دان بنێت بەو سستەمەدا، و کاری پێ بکات، ئەوا بەڕاستی لەسەر مەترسیەکی گەورەیە، (فهو على خطر عظيم) چونکە بەڕاستی بنەماکانی سستەمی دیموکراسی پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامە .

بەلاّم هەرکەسێك خۆی هەڵبژێرێت یان کەسێکی تر هەڵبژێرێت لە ژێر سایەی ئەم سستەمەدا بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئەو ئەنجومەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە کاری خراپەی ئەو کەسانەی لەوێن، یان ئیقامەی حجە و بەڵگەکانیان لەسەر بکات، بەجۆرێك بتوانێت بە پێی توانای خۆی خراپە و گەندەڵیەکان کەمتر بکاتەوە، تاوەکو ئەو کەش و هەوایەی ناو پەڕلەمان خاڵی نەبێت بۆ کەسانی خراپەکار و مولحید و بەئارەزوی خۆیان هەرچییەکان بوێت بیکەن و ئەنجامی بدەن، لەخراپەکاری و بڵاوکردنەوەی لەسەر زەویدا، بەجۆرێك دین و دونیای خەڵکی هەر هەمووی خراپ بکەن، بەشداری کردن لە پەڕلەمانێك بەم جۆرە جێگای ئیجتهاد و تێرامانی زانایانە ئەویش بە لێکدانەوەی ئەو بەرژەوەندیە چاوەڕوانکراوانەی کە دەکرێت بەدەست بهێنرێت، نەك هەر هێندە بگرە هەندێك لە

زانایان بەم مەرجانەی خوارەوە کە ئامازەمان پێدا چوون ناو پەرلەمان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا بە واجب دەزانن .

ئەوەتانێ لە یەکێك لە وانە گشتیەکاندا پرسیارێك ئاراستەی شیخ محمد بن صالح العثیمین دەکرێت ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) سەبارەت بە حوکمی هەڵبژاردن و بەشداری کردن لە دەنگداندا، ئەویش لەوەلامدا دەڵێت : « من وای بۆ دەبینم کە هەڵبژاردن واجبە، پێویستە لەسەرمان ئەو کەسانە دیاری بکەین وهەڵیانبژێرین کە خێریان تێدا دەبین، چونکە ئەگەر هاتوو کەسانی باش و چاك بەشداری نەکەن ئەی کێ جێگایان دەگرێتەوە ؟ بێگومان کەسانی خراپ و خراپە کار، یان کەسانێك کە نە خێریان هەیە و نە شەریش، لەکوێوە با هات لەوێوە شەن دەکەن، بۆیە پێویستە لەسەرمان کەسانێ چاك و

صالّح هەڵبژێرین، ئەگەر هاتوو کەسێك ووتی : ئێمە کەسێکی باشمان هەڵبژاردووە، بەڵام زۆرینەی ئەنجومەنەکە کەسانی باشن نین، بەو کەسە دەڵێین : قەیدی ناکات، چونکە ئەگەر ئەو تاکە کەسە خوای گەورە بەرەکەتی تێخست لەو ئەنجومەنەدا قسەیەکی خێری کرد ئەوا بێگومان کاریگەری خۆی دەبێت، ئەوەی ئێمە پێویستمانە ڕاستگۆییە لەگەڵ خوای گەورەدا چونکە ئێمە ئەمەمان کەمە، پشت بە هۆکارە مادیی و بەرجەستە بووەکان دەبەستین و خوای گەورەمان لەبیر چووەتەوە و گوێ بۆ خوای گەورە ناگرین، گریمان ئەو ئەنجومەنە تەنها چەند کەسێکی ڕاستگۆ و بۆ خوا صولّحاویان تێدا بوو، ئەوانە ئەگەر ڕاست بکەن لەگەڵ خوای گەورەدا بێگومان سوودی دەبێت، بەڵام وەك ووتم بەو مەرجەی ڕاستگۆ بن لەگەڵ خوای گەورەدا »[سەرچاوە : لقاءات الباب المفتوح] .

پرسیار کرا لە لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان :

**پرسیار** : ئایا دروستە لە هەڵبژاردنەکاندا خۆت هەڵژێریت، یان بەشداری بکەیت لە پرۆسەی دەنگداندا ؟ لەگەڵ ئەوەی ئەم وولاتەی ئێمە حوکم بە غەیری حوکمی خوای گەورە دەکات ؟

**وەڵامەکەیان بەم شێوەیە بوو** : « دروست نییە بۆ موسڵمان کە خۆی هەڵبژێرێت بە ئومێدی ئەوەی پۆست و بەرپرسیاریەتیەك وەربگرێت لە حوکمەتێك کە حوکم بە غەیری حوکمی خوای گەورە دەکات و کار بە غەیری شەریعەتی ئیسلام دەکات، لەبەر ئەوە دروست نییە بۆ موسڵمانان ئەو کەسە هەڵبژێرن یان کەسێکی تری جگە لەو کەسە هەڵبژێرن کە کار لەو حکومەتەدا دەکات، مەگەر کاتێك نەبێت ئەو کەسەی دەچێتە

ئەو ئەنجومەنە ئومێدی ئەوە بکات کە بەچوونی بۆ ئەویٚ ئەو حوکمە بگۆڕێت بە حوکمی خوای گەورە، یان بەشداری کردنی لە هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن هەنگاوێك بێت بۆ دەست گرتن بەسەر سستەمی حوکمدا، بەو مەرجەی ئەو کەسەی کە خۆی پاڵاووتوە بۆ بەشداری کردن لەو حوکمەتەشدا دەبێت پۆستێك وەربگرێت کە دژایەتی نەبێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامییدا »

(الشيخ عبد العزيز بن باز )، (الشيخ عبد الرزاق عفيفي )، (الشيخ عبد الله بن غديان)، (الشيخ عبد الله بن قعود ) [ فتاوى اللجنة الدائمة ( 23 / 406 ، 407 ) ]

هەر لەم بارەیەوە جارێکی تر پرسیارکراوەتەوە لە لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان :

**پرسیار** : وەك دەزانن لـــە وولاتی ئێمە لـــە جەزائیر شتێك هەیە پێی دەڵێن : ( هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان ) لێرە چەند پارت ولایەنێك هەن بانگەشە بۆ هێنانەوەی حوكمی ئیسلامی دەكەن، لە هەمان كاتدا چەند پارتێكی تریش هەن كە حوكمی ئیسلامیان ناوێت، ئایا حوكمی ئەو دەنگەدەرە چیە كە دەنگ بەو كەسانە دەدات كە حوكمی ئیسلامیان ناوێت، لەگەڵ ئەوەدا نوێژیش دەكەن ؟

**لەوەڵامدا ووتیان** : واجبە لەسەر ئەو موسڵمانانەی كە لەولاتێكدان و حوكم بە شەریعەتی ئیسلام ناكات هەموو هەوڵ و كۆششێكی خۆیان بخەنە گەر لە پێناو گەڕانەوەی حوكمی شەریعەتی ئیسلام، وە هەموویان پێكەوە هاریكاری ئەو كەسانە بكەن كە دەزانن ئەگەر حوكمیان گرتە دەست حوكم بە شەریعەتی ئیسلام دەكەن، وە بە هیچ شێوەیەك دروست نییە یارمەتیدان و

هاریکاری کردنی ئەو کەسانەی کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە حوکم بە شەریعەتی ئیسلام ناکەن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەر کەسێك ئەوە بکات بەرەو کوفر و بێباوەڕیشی دەبات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَنْ يَفْتِنُوكَ عَنْ بَعْضِ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُصِيبَهُمْ بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ * أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ [50-49 ] واتا : (کاتێک هەندێک لە زاناکانی جوولەکە، هاتن بۆ لات تا داوەریی بکەی لە نێوانیاندا)، داوەری بکە بەو بەرنامەیە (قورئانە) ی کە لەلایەن خواوە بۆت دابەزیووە، شوێنی ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە، وریابە نەوەکو ئەوان ڕێت لێ هەڵە بکەن لە هەندێک لەو ڕێنموویيانەی کە خوا بۆی ناردوویت (جا ئەگەر ئەو جولەکانە ڕازیی نەبوون) و

پشتیان هەڵکرد، ئەوە بزانە بەڕاستی خوا دەیەوێت گیرۆدەی سەرئەنجامی هەندێک لە گوناهەکانی خۆیانیان بکات، بێگومان زۆربەی خەڵکی یاخی و سەرکەش و تاوانبارن * ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامیان دەوێت و ئەویان لاپەسەندە؟ (ئاخر بۆ بیرناکەنەوە) کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاک و بەجێ بێت، (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە .

جا کاتێك خوای گەورە بێباوەڕی ئەو کەسەی ڕوونکردونەتەوە کە حوکم بە شەریعەتی ئیسلام ناکات، لەهەمان کاتدا موسڵمانانی ئاگادار کردوەتەوە و ترساندوونی لە یارمەتیدان و پشتیوانی کردنی بێباوەڕان، وە فەرمانی کردووە بە باوەڕداران کە لە خوا بترسن و خۆپارێزن بن لە

سنوورەکانی، ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕداری ڕاستەقینەن،

هەروەك فەرموویەتی : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاءَ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴾ [المائدة/57 ] .

واتا : ئەی گەلی خاوەن باوەڕ دۆستایەتی ئەو کەسانە مەکەن کە لاقرتی و گاڵتە بەدینتان دەکەن ، چ ئەوکەسانە بن پێش ئێوە کتێب و نامەیان بۆ هاتووە، چ ئەوانەبن موشریك و بێ باوەڕن، واتە: ئەوکەسانە ڕێز لە دین و ئاییتنان نانێن و سووکایەتی پێدەکەن، ئێوەش ڕێزیان لێ مەنێن و دۆستایەتیان لەگەڵ مەکەن و، مەیانکەنە هاوکارو هاوڕێی خۆتان، لە خواش بترسن و پارێزکاربن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن .

خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان .

(الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز ) و (الشيخ عبد الرزاق عفيفي)، (الشيخ عبد الله بن غديان ) [فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بەرگی 1 / لاپەڕە 373 ]